# مینیماڵ

# گەمژە ئێمە مردووین

رەسوڵ یۆنان

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: جەبار سابیر

سلێمانی

هاوینی ٢٠١١

# ناوی کتێب: گەمژە ئێمە مردووین

# بابەت: مینیماڵ

# نووسەر: ڕەسوڵ یۆنان

# وەرگێڕ: جەبار سابیر

# نەخشەسازی و بەرگ:  وەرگێڕ

# تیراژ: ٥٠٠ دانە

# چاپ: چاپی یەکەم (٢٠١١)

# چاپخانە:  یاد

# نرخ: ١٠٠٠ دینار

#  لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی ( ١٦٨٢) ساڵی (٢٠١١) دراوەتێ.

سەرچاوە: احمق ما مردەایم، داستانك های رسول یونان، چاپ دوم، نشر مشکی، تهران،١٣٨٧

سەرپەرشتیاری پڕۆژە: جەبار سابیر

جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق

لەچاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

زنجیرەی ژمارە (٧١)

ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێهەم.

**دیدارێك لەگەڵ ڕەسوڵ یۆنان**

# مینیماڵ لە کونی قوفڵەوە دێتە ماڵەکانتانەوە.

**بە بڕوای ڕەسوڵ یۆنان، مینیماڵ فۆڕمێکی فزوڵییەو تەنانەت دەتوانێ لە کونی قوفڵیشەوە بچێتە ماڵەکانەوە. ئەو لەو باوەڕەدایە دەتوانی کەڵك لە هەر دەرفەتێك وەربگریت بۆ خوێندنەوەی مینیماڵێك.**

**بە پێی لێدوانی هەواڵنێری کتێبی ئێران(ئیبنا)فۆڕمی مینیماڵ یا هەمان ئەو چیرۆکەی چەند ساڵێکە هاوڕێ لەگەڵ شەپۆلی وەرگێڕان، هاتۆتە وڵاتەکەی ئێمەوەو چیرۆکنووسانی گەنج و پیر، کە هێشتا لە کورتە چیرۆك و ڕۆماندا کاریان دەلەنگێ، چاکی مەردانەیان لێکردووە بە لاداو بوونەتە مینیماڵ نووس. ڕوونانی زۆرێك لە چیرۆکنووسان و**

چیرۆکنەنووسان بۆ ئەم فۆڕمەو دواکەوتنی کورتە چیرۆك و رۆمان لە وڵاتەکەی ئێمەدا، ئازارێکە کە ئەمڕۆ گۆشەکانی دەبینین و دەستەکانی ئەو لە سبەینێیەکی نزیکدا، ئەدەبیاتی چیرۆکیمان خەفەدەکاتەوە. هەربۆیە بڕیارمدا هەنگاو هەڵێنم بۆ توێژینەوە لەم فۆڕمەو گورز وەشاندنی لە چیرۆکی فارسی. هەربۆیە لەگەڵ رەسوڵ یۆنان بە بیانووی چاپی دووەمی(فریشتەکان*) کۆمەڵە مینیماڵەکەی گفتوگۆ بکەم. فریشتەکان یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٥ بڵاوبۆوە، بڵاوکەرەوەی (مشکی) دووبارە بە تیراژی ١٥٠٠ دانە چاپی کردۆتەوە.

## لایەنی هاوبەش و جیاوازی مینیماڵ و شیعر چییە؟

ئەمجۆرە بینینە کە دەبێ پەیوەندییەك لە نێوان ئەم دووەدا هەبێت لە دروستکردن و کاریگەری ئەوانە و هەروەها ئاگایی شاعیرانی ئێرانی بۆ ئەمجۆرە ئەدەبە دروستبووە. بە بۆچوونی من مینیماڵ و شیعر هیچ نزیکییەکیان پێکەوە نییە. ئاگایی من بۆ نووسینی چیرۆکی مینیماڵ پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە. من زۆر زوو روومکردە مینیماڵ و دوای (رۆژباش خۆشەویستەکەم) بە کتێبی(کۆلیتێك لە کێڵگەیەکی بەفریندا) کە کۆمەڵە مینیماڵێکی (٥٥) وشەیی بوو، لە ناو خوێنەرانمدا وەك مینیماڵ نووس ناسرام.

**چ پێداویستییەك دەبێتە هۆی ئەوەی كە نووسەران دوای ئەو ئەزموونە گەورەیەی رۆمان لە خۆرئاوا، پەنا بۆ چیرۆكی مینیماڵ بەرن، ئایا هەمان پێویستی لە ئێرانیش بوونی هەیە؟**

مەبەست لە نێوان خوێنەران و نووسەرانە. لە وڵاتە پێشكەوتووەكاندا كە میدیاكان تێیدا گاڵەدەكەن، مینیماڵ پێداویستی زمانە، وەكو خواردنەوەی نیسكافەیەك لە وەختی كاركردندا، یاخود نۆشكردنی پەرداخێك ئاو وەختی وەستان لە یاری تێنس، كە رۆحێكی تازە دەكاتەوە بەری یاریزانەكان. بەڵام لە ئێران مینیماڵ لە بێحەوسەڵەیی مرۆڤەكانەوە سەرچاوەی گرتووە. بەوجۆرە كە دەزانی لێرە بێحەوسەڵەیی بە مانای بێحەوسەڵەیی نییە. لە ئێستادا مینیماڵ و ژانرەكانی تری ئەدەب بە یەكسانی پێكەوە دەجووڵێن، لەگەڵ ئەو جیاوازییەی كە جووڵەی مینمیاڵ تۆزێك خێراترە. سادەتر بڵێم ئەم فۆرمە زۆر خۆتێهەڵقورتێنە. تەنانەت دەتوانێ لە كونی قوفڵیشەوە بێتە ماڵەكانتانەوە. ئەمەیش بۆ تایبەتمەندی مینیماڵ دەگەڕێتەوە. تۆ دەتوانی كەڵك لە هەر دەرفەتێ وەربگری بۆ خوێندنەوەی مینیماڵێك.

**وادێتە بەرچاو نووسینی چیرۆكی مینیماڵ گۆڕابێت بە مۆدی رۆژ. زۆركات چەند هێڵێك، دەست و پێ شكاو لە دوا لاپەڕەی رۆژنامەیەكی بەربڵاودا چاپدەكرێت كە نە چیرۆكەو نە بنەماو پێناسەی مینیماڵ لەمەڕ ئەو**

دەڕاستێنرێ. وەك یاری تێنس نییە. ئێمە هێشتا تەنانەت بۆ خوێندنەوەی هەزارو یەك شەوەیش دەرفەتمان هەیە.

میشیل فۆکۆ دەڵێت: (دەسەڵات لە مۆدێلدایە.) ئەم قسەیە هاوڕێیانی رۆشنبیر زۆر زووتر لە باقی جیهانیان بیستیان و کەوتنە نووسینی چیرۆك لە مۆدێلی جیاوازدا. بەڵام شتێك کە لێرە لە قەڵەم دەکەوێتە خوارێ، نەبوون یا کەمبوونی مۆدێل وەك رەگەزی جوانیناسی لە نووسینەکانی ئێمەدایە. ئێمە هێشتا مۆدێلە کلاسیکەکانمان ئەزموون نەکردووەو زۆر زوو روومان کردە ئەو گۆتەیە. دەمەوێ بڵێم زۆرێك لەو کەسانەی کە ئەمڕۆ مینیماڵ دەنووسن پێشتر ئەزموونی نووسەرییان نەبووە.

ئەزموونی شیعر بۆ نووسینی چیرۆك کۆمەکی تۆی کردووە. من هەستەکەم مینیماڵەکانی رەسوڵ یۆنان شیعر گەلێکی بەهێزی ئەون کە شێوەی چیرۆکیان پەیداکردووە.

واهەستناکەم. لانیکەم شیعر لەم لایەنەوە کۆمەکی منی نەکردووە. شیعر زیاتر دەست و پێی منی گرتووە. هەڵبەتە من هاوبەشییەکم لە نێوان ئەم دووەدا نەدۆزیوەتەوە، جگە لەوەی کە هەردووکیان، کاتی مرۆڤ دەگرن. لە نێوان شیعر و مینیماڵدا مەرزێکی باریك هەیە کە ئەگەر هەڵبگیرێت،

ئەشێ چیرۆك وەك شیعر بڕوخێت و بە پێچەوانەیشەوە. دەبێت حەواسمان کۆبێت.

**ئەمڕۆ ژمارەی کتێبی ڕۆمان و کورتە چیرۆك لە شیعر زیاترە، چ لە بواری وەرگێران و چ لە بواری بەرهەمە فارسییەکاندا. وەك بڵێی چیرۆك پانتاییەکی فراوانتر لە خۆ دەگرێت. بە بۆچوونی تۆ ئایا یەکیان بە قازانجی ئەویتر دەچێتە پەراوێزەوە؟ بە تایبەت ئێستا هەندێك لە نووسەران یا شاعیران لە کارەکانیاندا دەست بۆ جووڵەی سەرسووڕهێنەر دەبەن و وەرگر دەخەنە گومانەوە لەمەڕ ڕاستگۆیی خۆیان.**

ئەم ئاڵۆز نووسینە لە بواری سەلیقە تایبەتییەکاندا، مانایەك بە خۆیەوە دەگرێت و ئەویش ڕێك بۆ داپۆشینی لاوازی چیرۆك و شیعر کەڵك لەم ڕەگەزە وەردەگیرێت. بە بۆچوونی من کەسانێك کە ئەم کارە دەکەن بە قازانجی چیرۆك و شیعر دەچنە کەنارەوە. چونکە من باوەڕم وایە گەر کەسێك چیرۆك و شیعری باش بنووسێت، بەناوبانگ دەبێت، هەر وەك چۆن (لۆرکا) لە ئێران زۆر پتر لە هەندێك لە شاعیرە نیشتمانییەکان ناسراوترە. ئێمە لەگەڵ نووسەرە بیانییەکاندا زۆر زووتر پەیوەندی دروست دەکەین تا نووسەرانی خۆمان و ئەم پەیوەندی دروست نەکردنەیش پرسێکی تایبەتی نییە. من هەستەکەم ئەو نووسەرە ناسراوە لەسەر هەقە کە دەڵێت: (ئەدەبیگەری شێوەیەکی چرووکی نووسینە). ئێمە نامانەوێ

نووسەرێك زانیارییەكانی خۆیمان بە روودا بدات. ئێمە دەمانەوێ نووسەرێك یا شاعیرێك پەردەیەك لە پەردەكانی شیعری جیهان لابدات.

**ئایا بوونی چیرۆكی مینیماڵ بە وردچنترین و باشووری ترین شێوەی، نیشانەیەك لە تایبەتمەندبوونی بوارەكانی نووسین نییە؟ ئەگەر وایە دەمەوێ بزانم چۆن ئەشێ رەسوڵ یۆنان شیعر بنووسێت؟ وەربگێڕێت، رۆژنامەنووس بێت، رۆمانی(زۆر نیگەرانم ئێوە لەیلاتان نەبینیوە) بنووسێت و دوانیوەڕۆیانیش لە پاركەكاندا شەترەنج بكات و مینیماڵیش بنووسێت؟**

من زۆرێك كارم كردووە. شانۆیشم نووسیوە. فیلمیشیم دروستكردووە. ئەم دابەشكارییەی كە لە لایەنی شیعرەوە نووسراوە، نەدەبوو چیرۆك بنووسیت. قبوڵم نییە. مەزنەكان لە هەموو بۆتەكاندا هەوڵیانداوەو كارێكیان هێناوەتە بوون. هەندێك كات من دەمەوێ شیعر بنووسم، بەڵام چیرۆكێك زەینی من بەخۆیەوە سەرقاڵ دەكات و رێگەی شیعری بەستووە. پیتەر برۆك نزیكەی ساڵێك شەوی (دوازدەهەم)ی شكسپیری بردە سەر تەختەی شانۆ. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە كە بیخەیتە درەنگ. ئەشێ بشچێتە سۆراغی خەڵكیتر. ئەگەر نەچێت مرۆڤێكی جێگیر و گۆڕان نەخوازەو بە كەڵكی هونەر نایات. ئێمە كاتێ قسە لە فۆڕم دەكەین، واتا قسە لە گۆڕان دەكەین. دایكی هەموو ئەمانە نووسینە. من لە كوێ شەترەنج

دەکەم؟ لە پارک، لە قوولایی شلۆقیدا. شەترەنجیش جۆرێکە لە مینیماڵ. مینیماڵ واتا شەترەنج کردن لە شلۆقیدا.

دواقسەت.

دروشمی مینیالێستەکان ئەمەیە (کەمیش زۆرە.) ئەم دروشمە (رۆبێرت براونینگ) ی شاعیری ناسراوی ئینگلیز، بەو قیافە مەسخەرەیەوە خستییە سەر زمانەکان و جۆن بارتیش کردییە بووق و کەرِناوە.
رەسوڵ یۆنان زیاتر و زیاتر بە شیعر و وەرگێرِانەکانی لە تورکییەوە بۆ فارسی دەناسین. یۆنان یا شیعری شاعیرانی تورك وەردەگێرِێ بۆ فارسی یا فکرە تورکییەکەی بۆ فارسی و دەیکاتەوە بە شیعر.
ئەو لە نمایشنامە، رۆمان و مینیماڵێشدا دەست رەنگینەو لە رۆژنامەنووسی و بە وتەی خۆی شەترەنج و زۆر شتی تریش، ئەم هەموو کارە، لەبری ئەوەی لەودا مرۆڤێکی شڵەژاو دروست بکات، ئارامی داوە بەو. ئارامییەك کە لەم زەمانەدا کەمێك سەیر دێتە بەرچاو.

گزارشگر: لیلا ملك محمدی.
bcct.html۲aru۱zar.t٥http://www.ibna.ir/vdci

## پێشەکی رەسوڵ یۆنان بۆ ئەم وەرگێڕانە:

دەمێك بوو لە رێگەی ئیمێلەوە لەگەڵ (رەسوڵ یۆنان) ئاشناییم هەبوو. پێشتر کۆمەڵە چیرۆکێکی مینیماڵیم بە ناوی (فریشتەکان) وەرگێڕابوو. لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا سەفەرێکی تارانم کرد و کۆمەڵێك مینیماڵی تریم دەستکەوت بە ناوی(گەمژە ئێمە مردووین) ئەوەبوو کە هاتمەوە وەرمگێڕاو نامەیەکم بۆ نووسی و داوام لێکرد گەر دەکرێ پێشەکییەکم بۆ بنووسی، تا بیخەمە سەر کتێبەکە. ئەوە بوو شەوی ٢١/٢٢/ ١١/٢٠١٠ هاتە سەرخەت و داواکەم دووبارە کردەوە! وتی باشەو ئەوەبوو راستەوخۆ دەستی پێکرد و منیش دێڕ دوای دێڕ کۆپیم دەکرد و دواجار ئەم چەند رستە جوانەی لێدەرچوو.

نووسین له بارەی چیرۆکی مینیماڵەوە زۆر قورسە، دروست لەبەرئەوەی کە دروشمی مینیماڵیستەکان ئەمەیە: (کەمیش زۆرە.) تێکستێك کە له بارەی ئەم بۆتە چیرۆکەوە دەنووسرێت بتەوێ و نەتەوێ هێڵ بەسەر ئەم دروشمەدا دەهێنێ. ئەم کارە هێندەی ئەوە سەختە کە بتەوێ لەسەر دەنکە شلیکێك تابلۆیەکی شێوەکاری دروست بکەیت یا بۆ نموونە بتەوێ کاروانێکی وشتر بەسەر تاڵە موویەکدا بەریت.

مینیماڵ بۆتەیەکی مۆدێرنە بۆ مرۆڤی هاوچەرخ، کە له نێوان ئۆتۆمبیل و شڵۆقی دنیای هاوچەرخدا گیری خواردووە. ئەم بۆتەیە تاقە دەرفەتی ئەوە بۆ درککردنی خەون و هەستەکانی. هەروەها توانای ئەوە بۆ دنیابینییە شاعیرانەکەی.

جارێکیان پەیامنێرێك داوای لێکردم کە بۆتەی مینیماڵ و وشەی مرۆڤ له رستەیەکدا بەکار بهێنم. منیش پێموت مینیماڵ ئاوێنەی گیرفانی مرۆڤی

هاوچەرخە. رستەیەکی جوانم وتبوو، ئەو قەناعەتی کردبوو، بەڵام ڕاستییەکەی خۆم نا.
دواتریش ئەم رستەیە خۆیشمی قانع کرد، ئیتر نامەویَ پێناسەی مینیماڵ بکەم. ئومێدەوارم خوێنەرەکانم ئەم ئاوێنەیەم وەك دیارییەك لێوەربگرن و بیخەنە گیرفانی خۆیانەوە.
من داوام لە وەرگێڕی ئەم کۆمەڵە مینیماڵە کردووە کە مینیماڵەکانم باش وەربگێڕێ. حەزدەکەم سیمای جوانی خەڵکی کورد لە ئاوێنەیەك، کە من پێشکەشی دەکەم جوانتر بێت. من لە قووڵایی دڵەوە ئێوەم خۆشدەوێت.

ڕەسوڵ یۆنان
پاییزی ١٣٨٩
شەوی ٢١/١١/٢٠١٠

## دوا دیمەن

کابرا قامچییەکەی لە هەوادا سووڕاندو وتی:

- وەك بەرخ ئارامن. سەیریان بکە!

دواتر سەری بردە زاری یەکێك لە شێرەکانەوە. ئەو شێرە من بووم. هەلەکەم بە تالآنی زانی و بێ دواکەوتن سەریم لە لەشی جیاکردەوە. لەبەر هەموو ئەو قامچییانەی کە لە سێرکەکەدا خواردبووم.



## باران

ئەلبومەکەی هەڵدایەوەو گەیشتە وێنەی تافی لاوی خۆی. پاڵی بە دارێکەوە داوەو قیافەی دەرکەوتووە. لە دوایەوە، لە گۆشەیەکی ئاسمان، پەڵە هەورێکی رەش دەبینرا. کتوپڕ هەورەکە گەورەبوو و دوای چەند ساتێ باران تەواو سیمای تەڕکرد...

ئەلبومەکەو ژیانیشی تەڕکرد...

ئەو رۆژە، رۆژێکی سەیر بوو. تەنیا لە ماڵەکەی پیرەمێرد دا باران باری بوو.



## دەشتی سووتاو

دەشتەکە سووتابوو، کۆترەکە جێگەیەکی نەبوو بۆ نیشتنەوە. لە هیکرِا چاوی بە لقێك کەوت و یەکسەر دانەوییەوە، بەڵام لقەکەی ژێر قاچی ساف و لوس بوو. نەیتوانی هاوسەنگی خۆی بپارێزێ. ویستی دووبارە بفرِێتەوە، کە دەستێك بووە ئاستەنگ و گرتی.
کۆترەکە لەسەر لوولەی تفەنگی راوچییەکە نیشتبۆوە.



## ئەفسانە

لی بووی شاعیری ئەفسانەی چین، گاڤێك لەسەر پردەکەوە خۆی هەڵدایە ئاوەکەوە تا مانگ لە باوەش بگرێت، نووقم بوو. چونکە ئاو چووە سییەکانییەوەو رێگەی هەناسەدانی بەست بوو.

زۆرێك لە خەڵکی چین باوەڕیان بەم ئەفسانەیە نییەو بە درۆی دەزانن. سەرباری ئەمەیش، هەمان ئەو خەڵکەی باوەڕناکەن، وەختێك لەسەر پردەکەوە چاویان بە مانگ دەکەوێت لە ناوەڕاستی چەمەکەدا، هاوسەنگی خۆیان لە دەست دەدەن و بەجۆرە ئەفسانەگەلی تر دەخوڵقێنن.



## نۆره

- شەو و رۆژ دانیشتووەو چی دەستکەوێ لرفەی لێهەڵدەستێنێ! هیچ بۆ ئێمە جێناهێڵێ. گەر قسەیەکیشی پێبلێی دنیا دەشێوێنێ. بەمجۆرە بەردەوام بێت، ئێمە لە برسا دەمرین!

داڵەکەرخۆرەی گەنج دوای وتنی ئەم رستانە، لە چاوی داڵەکەرخۆرەی پیر راما. ئەو زۆر بە جدی قسەکانی داڵەکەرخۆرە گەنجەکەی نەگرت و لە کاتێکدا کە لەسەر لقەکەوە دەفڕی، وتی:

- لێگەڕێ بخوات! قەڵەو و زل بێت! ئێمە شیری زۆرمان خواردووە و ئەویش دەخۆین!



## خەیاڵ

کاتێ کەڵەشێرەکەی سەربڕی، پارچە خۆرێکی لە قوڕگیدا دۆزییەوە. لە سەرسووڕماویدا دەمی داچەقی. سەیری ئاسمانی کرد تا سەر لە پرسەکە دەربکات. خۆر شین هەڵگەڕابوو.

هەستی کرد کەڵەشێرێك لە ئەوکی خۆر گیربووە. ترساو لە خەو راپەڕی. شەوبوو، بە تەواوی مانا شەو. تاریکی بە نیاز نەبوو بڕوات.



## کلافە

کابرا حەزی نەدەکرد ماڵەکە جێبهێڵێ، بەڵام دەبوو لەوێ بڕوات. خەڵکی ماڵەکە خستیانە سندوقێکی تەختەوەو بە دوو پیاوی بە هێزیان سپارد تا لەوێ دووری بخەنەوە.

ئەو دەیویست هاوار بکات و گلەیی لە نامیهرەبانی ئەوان بکات، بەڵام نەیدەتوانی. هەرچەندی دەکرد دەنگی دەرنەدەهات.

کابرا مردبوو و نەیدەزانی.



## تانیێل

ناویان نابوو تانیێل، واتا بناسریێ! بەڵام کاتێ گەورەبوو، دەمامکێکی کڕی تا قەت نەناسرێتەوە. سەرباری ئەمەیش باوك و دایکی بە ئارەزووی خۆیان گەیشتن. ئەو لە شار ناسرا، بەڵام نەك بە ناوی تانیێلەوە. رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکان نازناوی دزی دەمامکداریان دابوویە.



## کتوپڕ

کچەکە لە جێگەکەی هەستا. پەرستارەکە پێی زانی و بەرەو رووی رایکرد:

- کچم بنوو! حاڵت باش نییە!

کچە ئاماژەی بۆ پەنجەرەکە کرد:

- خودا شیفای دام!

کاتێ پەرستارەکە سەیری پەنجەرەکەی کرد، چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك.

پەنجەرەکە کرابۆوەو روناکی بە چوارچێوەکەیەوە مەیبوو.



## خاڵێکی ڕەنگ زیوی

شەو و ڕۆژ شەڕمان کرد. دواجار هەر چۆنێك بوو دزە چەکدارەکانمان لە شار کردە دەرێ و هەناسەیەکی ئۆخەیمان هەڵکێشا. ژیان لە ئارامیدا چێژێکی تایبەتی هەیە.

- چیرۆکەکەت تەواو بوو؟!

- نا!

- کەواتە بەردەوامبە!

- هەواڵێك لەوان نەبوو، هەستمان کرد ئاسوودە بووین، بەڵام بنکەی پۆلیس جێی خاڵی هەموویانی پڕ کردەوە!

- هەر ئەمە؟!

- تۆ لەگەڵ ئەو بوویتە هاودەست!

دادوەر تووڕە بوو، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا. تەنها وتی:

- هاتووی ئەمانە بڵێی؟

- نا، هاتووم چیرۆکەکە تەواو بکەم!

دواتر بێئەوەی دەرفەتێك بداتە دادوەر، دەمانچەکەی هەڵکێشاو دوا خاڵی زیوی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دانا.



## له بەڕێوەبەرێتی پۆلیس

ئەفسەری پاسەوان پرسی:

- ناوت چییە؟

کابرا نەیتوانی وەڵام بداتەوە، بەوجۆرە کە دەبوو، مێشکی کاری نەدەکرد.

ئەفسەری پاسەوان پرسی:

- له کوێ دەژی!

رەنگی شین، هەموو زەینی کابرای داگرت. بێ مەودا وەڵامی دایەوە:

- دەریا! من لەسەر رووی دەریا دەژیم!

ئەفسەری پاسەوان به تێزێکەوە پێکەنی و وتی:

- بێگومان پەری دەریاش خواردنت بۆ دروست دەکات!

کابرا له فکران رۆچوو و دواتر وتی:

- گەر ئەم کارەش بکات، زۆر باش دەبێ!

ئەفسەری پاسەوان تووڕە بوو و فەرمانی دا بیخەنە زیندانەوە، تا ئەقڵی بێتەوە سەر خۆی، بەڵام کابرا نەك گۆڕانێکی له بارودۆخی خۆیدا نەکرد، بەڵکو پێداگریشی لەسەر کرد. سبەی ئەو رۆژە سوێندی خوارد باڵندەیەکی بێگوناهەو بێ بەڵگەیەك خستویانەتە قەفەزەوە. کەس له بەڕێوەبەرێتی پۆلیس ئەوی نەدەناسی، ئەو شاعیری ناسراوی شاربوو و تووشی لەبیرچوونەوە ببوو.



## دوا دزی چەکدار

ئەو نەیتوانی وەك ئەو خەڵکە ژیانێکی ئارامی هەبێت. لەوێوە کە بەڵێنی بە قازی دابوو، ئازاری کەس نەدات، خۆرئاوای رۆژێکیان ئاگری لە ماڵەکەی بەرداو بە دوا گوللەیەك کە بۆی مابۆوە خۆی بریندار کرد. لە کۆتاییدا هەیکەلی نیوە گیانی خۆی خستە سەر ئەسپێك و لە شار رۆی.

ساڵانێك دواتر بووە گۆرانییەکی دڵنشین و هەموو رادیۆکان بڵاویان کردەوە...



## نەشیاو

من ناتوانم باوەڕ بکەم. هەستەکەم هەر خەو دەبینم. ئاخر چۆن ئەشێ؟ مەگەر دەکرێ بە دیوارەکاندا تێپەڕی، یا لە ئاوەکان بدەیت و تەڕنەبی؟! ئێمە هەموو ئەم کارانەمان کرد، تەنانەت لە شاخەوە خۆمان هەڵدێرا و شەقارێك نەکەوتە جەستەمان.

- گەمژە! ئێمە مردووین.



**ئەم نووسینە لە ناو کڵاوێکی خوری سەر سەری پەیکەرێکی برۆنزیدا دۆزرایەوە.**

پیاوی ژیانی من!

وریای خۆت بە، زستانێکی سەختمان لە پێشە. گەر تاقەتت نەیهێنا خۆت شێت بکە تا تۆیش بێننە نەخۆشخانە. دڵنیام لێرە خۆشت لێدەگوزەرێ.

خۆشەویستی تۆ، کچە چاو شینەکە.



# چەند کەسێك

زیاتر لە پەنجا جار سیمای سپاردبووە نەشتەری نەشتەرگەرانی جوانکاری و ئێستایش، هەم لە ئەنجلینا جولی دەچوو، هەم نیکۆڵ کیدمان. تۆزێکیش لە جودی فۆستەر دەچوو.

ژنێك کە لە تەنیشتییەوە تێدەپەڕی وتی:

- دەبێ ئەم خانمە ناوی ئەنیجۆ بێت!

ژنەی گەنج بە ژنەوتنی ئەم ناوە ئاوڕی دایەوە:

- لەگەڵ منت بوو خانم؟!



# سەفەر

کابرا پێی باش بوو چەم بێت نەك بەرد. ڕۆژێك تاقەتی نەماو هاواری کرد:

- من لێرە دەڕۆم!

کەس نەیوت مەڕۆ! بەرێکەوت و بە تەریبی لەگەڵ چەمەکە ڕۆیشت.

دەیویست بگاتە دەریا، بە ئاوی بێ لێوار. بەڵام گاڤێك گەیشتە دەشتێك ترسێك ئازای ئەندامی داگرت. چەمەکە ڕۆدەچوو.



## کابووس

کاتێ جلی خەت خەتیان لەبەر کرد، خۆشحاڵ بوو. پاسەوان وتی:

- دوام کەوە!

دوای کەوت. لە هۆڵێکی باریك و درێژەوە تێپەڕی و لە ژوورێکی تاریك و تەنگەوە سەری هەڵێنا. کاتێ پاسەوان دەرگای ژوورە تاکەکەسییەکەی لەسەر داخست، شڵەژا. دەرگاکەی بە مشت کوتا. هاتوهاواری کرد، بەڵام کەس گوی بە کڵاوی نەپێوا.

ویستی بگەڕێتەوە بۆ خۆی، بەڵام نەیتوانی. لە خەیاڵەکانیدا زیندانی بووبوو. سەرباری ئەمەیش بێئومێد نەبوو. هەوڵیدا. بە هەموو هێزییەوە باڵەکانی کردەوەو لەسەر دیواری زیندانەوە هەڵفڕی و تا ئەو کاتەی زیندو بوو، ئیتر ئەفسووسی نەخوارد، کە بۆچی وەك قەلەڕەش هاتۆتە دنیاوە.



## زیندانی

کاتێ لێبووردنی گشتی گرتییەوە، ئیتر پیر بووبوو. ئازادی بە کەڵکی نەدەهات. ئیتر شار و خەڵکەکانی نەدەناسی و تەنانەت نەیدەزانی بۆ کوێ بچێت و لەگەڵ کێدا پەیوەندی چێبکات. وەختێك ویستی لە دەرگای سەرەکی زیندانەکەوە بڕواتە دەرێ، کتوپڕ دەستی کردە ملی کابرای پاسەوان و گوشی. دوای تۆزێ دووبارە گەڕایەوە زیندانەکە، بە برینێکی زۆر لەسەر سیمای و بزەیەك بە لێوییەوە.



## دوا تیرۆر

دوای ئەوەی کە دوا کردەوەی تیرۆرستی ئەنجامدا، بڕیاریدا پاشماوەی تەمەنی بە شەرافەتەوە بژی، بەڵام کاتێ ویستی دەمامکەکەی دانێ تووشی کێشەبوو. دەمامکەکە بۆ هەمیشە بە دەموچاوییەوە لکابوو.



# هێڵی ستوونی

**کاتێ لە فڕۆکەکەوە خۆی هەڵدا، هەرچەندی کرد و کۆشا پەڕەشووتەکەی نەکرایەوە. شێوەی هێڵێکی ستوونی دروست کرد و ئاسمانی بە زەوییەوە گرێدا.**

لێدوان لە فڕینێکی بێ سەرئەنجام



## عەشق

ئیشکەرێکی رەش کە هەموو رۆژێ عەسرانەی دیکتاتۆری دەهێنا، کتوپڕ تای لێهات و لە جێگەدا کەوت و ئیتر نەیتوانی وەك رۆژانی تر خزمەت بکات. دیکتاتۆر بیری لێکردەوەو عاشقی بوو، بەڵام ئەم عەشقە لە هەمان کاتدا کە دڵئەنگێز بوو، بۆ دیکتاتۆر بە شکستێکی قورس لە قەڵەم دەدرا. لەبەرئەوەی ئیتر ئەو لە کەوشەنی خۆیدا نەیدەتوانی فەرمان بە یەکێ لە بەردەستەکانی بدات.



## ئەوانە نابێ عاشق بن

کابرا بە هاوکارەکەی وت:

- تۆم خۆشدەوێ!

کچە پرسی:

- باسی چیدەکەیت؟

کابرا وەڵامی دایەوە:

عەشق!

لە ناخی کچەدا، پارچەیەك بە دەنگێکی کز لێیدا. هەستی بە مەترسی کرد و یەکسەر وتی:

- ئەم بەرنامەیە بۆ من پێناسە نەکراوە!

دواتر، رووی وەرسووڕاند و رۆیشت. کابرا کە پەی بە هەڵەی خۆی بردبوو، هەوڵیدا لەگەڵ کەسدا بابەتەکە نەهێنێتە گۆڕێ. بێچارە نەیدەزانی دەنگی لە ژووری کۆنترۆڵ تۆمار کراوە. دوای چەند رۆژێك ئەویان گەڕاندەوە بۆ کارگەی دروستکردنەکەی و دژە ڤایرۆسێکی بەهێزیان لە دڵیدا جێگیر کرد.



## بێ چانس

له هەڕاجێکی هەڵاوارتەدا بردبوویەوە. خۆشحاڵ بوو. پێی باش بوو جگەرەیەك پێبکات و تۆزێك پیاسە بکات. کاتێ جگەرەکەی خستە سەر لێوی، دەستێك هاتە پێشێ و دایگیرساند. کابرا سوپاسی کرد و درێژەی بە رێگەکەی دا. تۆزێك پێشتر، ئۆتۆمبیلێك کە ستۆپی پچڕابوو، لەسەر شۆستەکە کردی بە ژێرەوە. مەرگ چەرخەکەی خستە گیرفانییەوە و بە فیکە لێدان لەوێ دوورکەوتەوە.



## لە سێدارەدراو

وەختێ گوللەیان پێوەنا، بووە باڵندەیەك و یەكەمین ریقنەی خستە سەر سەربانی زیندانەكە. تەنیا سەربازێك ئەم رووداوەی بینی كە عاشق بوو.

لە سەرگوزشتەی لە سێدارەدراوانی زیندانی گوانتانامۆ



## ئەسپ و عەرەبانەیەك كە بەسەر هەوادا دەڕۆی

ژنەكە پرسی:

- چۆن هاتی؟

كابرا وتی:

- عەرەبانەچییەكی میهرەبان یارمەتی دام.

ژنە سەری سووڕما:

- عەرەبانەچی؟! مەگەر لەم بەفرەدا عەرەبانە دەتوانێ بڕوات؟!

كابرا لە پەنجەرەكەوە سەیری دەرەوەی كرد. لە سەراسیمەییدا دەمی داچەقا. ژنەكەی راستی دەكرد، بەفرێكی قورس باری بوو. كتوپڕ بیری كەوتەوە كە هەندێك جار عەرەبانەكە بەسەر هەوادا دەڕۆی. هاواری كرد:

- ئەمە پەرجوویەكە!

ژنە تووڕە بوو:

- مەگەر تۆ نەچووبووی بۆ شار تا بچیتە كن دكتۆر، كەواتە چیبوو؟

كابرا دەیزانی ژنە باوەڕ بە قسەكەی ناكات، ئیتر هیچی لەو بارەیەوە نەوت. لەسەرخۆ وتی:

- بۆچی، رۆیشتم!

ئەمەی وت و دواتر كیسەیەك دەرمانی خستە سەر مێزەكە.



## کەموکوڕی تەکنیکی

کاتێك پەردە سوورەکە لاچێت هەموو شتێك بە قازانجی من تەواو دەبێت.... هێشتا ئەم رستەیەی تەواو نەکردبوو پەردەکە لە دەستی کابرا بەربۆوە. گای تووڕە لە هەمان ساتدا ماتادۆری بێچارەی لەسەر شاخەکانی بەرزکردەوەو چەند جارێك سووڕاندی و دواجار فڕێیدایە سەر کامێراکە.
ئەمە بوو کەموکوڕی تەکنیکی تۆڕی تیڤی وەرزشی ئیسپانیا، لەو خۆرئاوا خوێناوییەدا.



## هیچ

ئەوان لە رۆژێكدا لێك جیابوونەوە بەفر دەباری.

یەكیان بەرەو باكوور رۆیشت

ئەویتریش بەرەو باشوور.

بەفر شوێن پێیكانی داپۆشین، بەجۆرێك دایپۆشین وەك بڵێی هەرگیز نەبوون.





